**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٤٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١٠/١٣**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٥٠)ی رۆژی (٢٠٠٤/١٠/١٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٤٣ )ی سالّی ٢٠٠٤**

**ماددەی یەکەم:**

وەستاندنی سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (١٤٤)ی یاسای ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی سالّی(١٩٦٩)ی سزاکاندا هاتووە، جەریمەکانی دژ بە ئافرەتی بەشوو ناگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com